# لەڕێکەووتن نامەی واشنتۆنەوە بۆچ حکومەتێکی هاوکۆ

فەرەیدون حەمەڕشید_ سویسرا
faraidun_73@hotmail.com

22/1/2006

دوای تێپەڕبوونێکی چەندساڵە بەسەررێکەووتن نامەکەی واشنتۆنی ساڵی 1998ی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتی خاتوومادلین ئۆلف برایت وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی وولاتەیەگرتووەکانی ئەمەریکا،خەڵکی کوردستان لەچاوەڕوانی پیادەکردنی ئەوپرۆتۆکۆڵەچارەنووسسازەداتووشی بێ متمانەیی وبەدگوومانی هاتبوون ، زۆرکاتیش ڕێکەووتن نامەی واشنتۆنیان وەك دەرئەنجامەبێهوودەکانی ڕێکەوتن نامەکانی ( ئەنقەرەو دروژیداو دبلن) تەماشادەکرد..بەڵام دوای ڕێکەووتن نامەکەی مەکتەبی سیاسی هەردوولایەن لەسەریەگرتنەوەی هەردووئیدارەی کوردستان لەحکومەتێکی وهاوکۆدا و دواتر پەسەندکردنی لەکۆبونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان لە21 ی /ژانیوەری هەمان مانگدا.،جەوهەری ڕێکەوتن نامەی واشنتۆنی لەدڵەڕاوکێی ولەبارچوون ڕزگارکرد جارێکی تربووەوە بەبنەمای ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان لەقەیرانی دووئیدارەی و پەرشوبلاوی کوردستان بەسەرهەرێم و ناوچەی جیاوازدا،ئەو ئەزموونە لەدووئیدارەیی کاریگەری بووە لەبەرتەسکردنەوەی ئازادی لەناوخۆدا،دابەشبوونی زمانی فەرهەنگ وکلتوور،تائەوئاستە مەترسیدارەی دووئیدارە و پارچەپارچەبوونی کوردستان خەریکبوو دەبووەکلتوو و واقیعیەتێك لەمێشك وهزری تاکەکانی کۆمەڵگا ڕەنگ بگرێت، تاکەمکردنەوەی سەنگ وقوورسایی دەنگی خەڵکی کوردستان لەبەغدا،و زۆرئاسەوەری قێزەوەنتر کەلێرەدا بواری باسکردنیان نابێت، ووتنی ئاسەوارەڕەشەکان شیرین بێت یان تاڵ بەهانەگیری وپاکانەکردن هەڵناگرێت،بەڵام گوومانی تێدانیەکەدەست بردن بۆیەگرتنەوەی ئەودووئیدارەیە کارێکی پۆزەتیڤە دەنگۆ وسەرنجەکان لەناوەڕۆکی ڕێکەوتنەکەهەرچیەك بێت، لەبەرئەوەی قسەی هاتنەئارای حکومەتێکی سەراسەریە بۆکوردستان دەبێت ڕێکەوتنەکە بەباش هەڵبسەنگێنرێ وپێشوازی گەرمی لێبکرێت بەوەی دەستپێکێکی نوێ یە لەوەلانانی مێژوویەکی ڕەش و باوەڕهێنانە بەوەی کەچەندەجیاوازی فکری و خوێندنەوەی هەمەلایەنە بۆتێزەسیاسیەکان هەبێت،ئەوەندەش گوێگرتن لەیەکتری وکرنووش بردن وپەشیمان بوونەوەیە بۆدایەلۆگ،کەهەم هەلوومەرجەکەدەیخوازێت،هەم ئاسایشی نەتەوەییمان داوامان لێدەکات وکات بەبەریەوەنەماووباجی گەورەمان بۆداوە،بۆیەدەستبردنەبۆکاری باش بەمانای دەست هەڵگرتن لەماڵوێرانیەکانی دوێنی و دانپێدانانی هەڵەکان ،بۆیە دەبێت حکومەتی نوێ وێناکردنی خۆی بەفۆرم وناوەڕۆکی حکومەتەکەی 1994 دووبارە نەکاتەوە بۆجارێکی ترحکومەت لەناودەسەلاتی حیزبدا نەتوێتەوە، بەڵکوودەبێت حکومەتی هاوولاتیان بێت ،دەستی حیزب لەکاری دەخالەتگەری ئیداری ودەوڵەتدا کۆتابکرێت،ئەگەرنا ئەوەلەمانۆڕێکی پارستنی دەسەلاتی حیزب بەولاوە هیچی ترنابێت ، هەربۆیە ئەگەروئاماژەکانی دەسەلاتی سەرکەووتووی حکومەتی نوێ ئەبێت لەسەرەتای کارەکانی داخاوەنی گووتارێکی زاڵبێت لەبەغدابۆداواکاری زیاتری مافەکانمان و بێتە فاکتەری کارا

**بۆسەمینەسازی هەرچی خێرای ڕاسپاردەکانی بڕگەی 58 وگەڕانەوەی ناوچەبەعەرەبکراوەکان بۆسەرهەرێمی کوردستان،،بەرقەراربوونی زیاتری ئازادی ووتن وڕادەربڕین بۆخەڵك بڕەخسێنێت بەچۆنایەتیەکی جیاوز لەئێستا کەکۆمەڵانی خەڵك لەخانەقی وە تا زاخۆ وەك یەك هەستی پێبکەن،نەخۆشی یە سەرەمەرگیەکانی حکومەتی حیزبی وپەتاکانی گەندەڵی وبیرۆکراتیەت ڕیشەکێش بکات،باری گووزەران وناعەدالەتیەك لەپۆلێنکردنی موچەدالەئەوەلیەتی کارنامەی دابێت،پەرلەمان دەسەڵاتی بۆ والابکرێت لەتەکیە و دیوەخانی حیزبیەوەبکرێتە پەرلەمانێکی ڕاستەقینە تابەسەرکاروبارەکانی حکومەتداسانسۆرو لێ پێچینەوەبکات،هەمووئەم کارانە لەناوەڕۆکی کارنامەی یەك حکومەتی و کۆتایهێنان بەدووئیدارەی دەبنەسەنگی مەحەك بۆهاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان و دڵنیابوونیان لەبەکۆتاهێنانی کووشندەی دەسەڵات وحکومەتی حیزب، ئەو ڕێکەوتنەلەوانەیەبەدڵی گشت لایەك نەبێت بۆتموحەبەرزەکان و بەپێی پێوەرەکانی دیموکراسی نەبێت و تینویەتی دیموکراسی نەشکێنێ بەلام بۆ هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆ بەپیادەکردنی ئەوخالانەی سەرەوە دەکرێت ببێتە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیمان ...،**

.1